**سەعید گڵەسوور(دوکتور شوان)، سەعید ئاڵچی و ڕاستییەکانی مێژوو!**

من کۆتایی هاوین و سەرەتای پاییزی ساڵی ١٩٧٨ بۆ یەکەم جار چوومە باکووری کوردستان، دواتر ساڵەکانی ١٩٨٥، ١٩٨٩، ١٩٩٤،١٩٩٨، ٢٠٠٥ لە نزیکەوە هاتوچۆی شارەکانی باکوور و شاری ئەستەمبوڵم کردوە و چاوم بە زۆرێک لە تێکۆشەرانی سیاسی، فەرهەنگی، هونەریی و ئەدەبی کەوتووە و ماوەی سی ساڵیش لە ئاڵمان و ئوروپا پێوەندیم لە گەڵ سازی و ڕێکخراو و کوردەکانی ئەم بەشەی کوردستان هەبووە و لە نزیکەوە کارم لە گەڵ کردوون و بەردەوامیش پێوەندیم لە گەڵ ناوخۆیی باکووری کوردستان بە تایبەت لە گەڵ هونەرمەندان و فەرهەنگسازان هەبووە. ئەوەی هەتا سەر ئێسقان ئازارم دەدات، نەبوون و کەمبوونی زانیاری لە سەر مێژوویی پڕ لە شانازیی ئەم بەشەی وڵاتە، ئەوەی ئازارم دەدا حزبایەتی بەرچاوتەنگی پاوانخوازە، کە کورد وەک نەتەوە نابینی و وەک حزب چاو لە مێژوو و کەسایەتییەکان و مەیدانی فەرهەنگ و هونەر و سیاسەت، دەکا و مێژووی حزبەکان بە مێژووی کورد بە مێژوو دەفرۆشێ. مێدیاش دەوری نەتەویی ناگێڕن و لە دەوری حزبەکان دەگەڕێن، دەنا بۆ دەبێ مێژووی سەت ساڵ خەباتی سیاسی،کۆمەڵایەتی،فەرهەنگی، زانستی باکووری کوردستان لە کپی و بێدەنگیدا بهێڵدرێتەوە و هەمووی بە مێژووی سی ساڵ مەزندە بکرێ!؟
مێدیای چاپی و دەنگ و ڕەنگی کورد نوقستانە، بێ کارێکتێر و داڕزاوە، دەنا بۆ دەبێ زانیاری لە سەر مێژووی کوردستان وەک وڵاتێکی بەرفراوان بڵاونەکاتەوە؟! کۆماری سووری کوردستان، ناوچە کوردنیشەنەکانی وڵاتانی عەرەبی، ئیسرائیل و وڵاتانی پێشووی شووڕەوی، ناوچە کوردنشینەکانی قەزوین، هەمەدان، باکووری ئێران و خوراسان، بەشێک لە مێژوو و ژیانی میللەتێکە، کە لە چاوی هەمووواندا تەنیا چوار پارچە دەنوێنێ کە هەر کام لەو ناوچانەش لە لایەک داگیرکراوی دەستی بێگانە و لە لایەکی تر تاپۆکراوی دەستی حزبایەتی نادێموکرات و نانەتەوەیین!

مێژووی خەباتی نوێی کوردەکانی باکوور لە ساڵانی ١٩٦٠ کە ئەویش لە ژێر کارتێکردنی مێژووی بەر لە خۆی لە ساڵانی شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی بوو، گرێدراوی ئەو خەباتەیە کە لە ساڵانی ١٩٨٠ بەولاوە و هەتا ئێستا لە باکوور و ڕۆژئاوای وڵات لە ئارادایە. کێ بوون ئەو کەسانەی ڕچەشکێنی ئەم ڕێگایە بوون و چییان لێ بەسەر هات؟

بەر لەوەی ساڵی ١٩٩٤ لە دهۆک لە گەڵ دوکتور فایق، ساڵی ١٩٩٨ لە ئەستانبوڵ لە گەڵ زەکی ئۆن چلو و ساڵانی دواتر لە گەڵ کۆمەڵێک لە ئەندامانی ئەو کاتی حزبی دێموکراتی باکور، ئاشنا بم، کە زۆربەیان گرێدراوی جوڵانەوەی ئەمڕۆی باکووری کوردستان هەن، هیچم لە سەر کار و تێکۆشانی ئەوان نەدەزانی. شێخ ڕەزا، دەرسیم، کۆماری ئارارات، دوکتور شوان، ئیحسان نووری پاشا و دەیان ناوی تر، تەنیا ناو بوون و کەمتر زانیاریی. وا چەند ساڵێکە لەم بەشەی کوردستان لاپەرەکانی مێژوو هەڵدەدرێنەوە، چەند ساڵ بەر لە ئێستا ژن و پیاوێکی کورد، وەشوێن بەسەرهاتی باب و باپیرانیان لە کۆمەڵکوژییەکەی دەرسیم کەوتن و منداڵانی ئەو کۆمەڵکوژییەیان کە هێشتا لە ژیاندا مابوون، بەسەر کردەوە و لە ڕێگای فیلمێکەوە بەناوی""پرچی دایکم و تراژێدی دەرسیم" کارەساتی کۆمەڵکوژی، ئاسیمیلاسیۆن و ئازارەکانیان، گێرایەوە. ئەوەی دوای کارەساتەکەی دەرسیم کەسانی وەک دوکتور شوان بوون کە خەباتێکی نوێیان دەست پێکرد، بەڵام گیانیان لە باشووری کوردستان لێ ئەستێندرا!

کوشتنی سەعید ئاڵچی، (سەعید گڵە سوور/سەعید کرمزی توپراخ) واتە دوکتور شوان، هەمان پرسیار بوو کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەبارەت بە کوشتنی سولەیمان موعینی و هەواڵەکانی دەکرا و تا ئێستا بێ وڵام ماوەتەوە. بەڵام منداڵەکانی دوکتور شوان دەستیان لە پرسیارکردن و بەدواداچوون هەڵنەگرت، بەهاری ساڵی ١٩٩٤ لە شاری سەلاحەددین، لە گەڵ وەفدێکی ئاڵمانی/ کوردی چووینە لای مەسعود بارزانی، یەکێک لە ئەندامانی وەفدەکە بە ناوی سولەیمان ئاتەش بە کاک مەسعودی گوت:" کوڕەکەی دوکتور شوان ڕایسپاردوم پرسیارتان لێبکەم کە باوکی چۆن کوژرا؟". کاک مەسعود کە چاوەڕوانی پرسیارێکی وای نەدەکرد، گوتی:" لە کێشەی نێوان خۆیان لە گەڵ سەعید ئاڵچی کوژران". کوڕەکەی دوکتور شوان بە وڵامەکەی کاک مەسعود ڕازی نەبوو، هەر بۆیە وەک کارەساتەکەی دەرسیم شاهیدەکانی بە سەر کردەوە و لەو فیلمەدا وەک بەڵگە دەیانخاتە بەر گوێ وچاوی هەمووان! با کاکە مەسعود و مێژوونووسانی چەواشەکاری مێژووش، سەیرێکی ئەم فیلمە بکەن و ئەوانەش کە ئەمڕۆ مێژوو دەخوڵقێنن بە تایبەت لە شەنگال و کۆبانی، با تۆز بەچاوی خەڵکدا نەکەن.
https://www.youtube.com/watch?v=AEusB9cYfTw&sns=fb

برایم فەرشی
سەرەتای چلە گەورە ٢٧١٤